# قەوارەی هاردی دەرەكی گەیشتە 1.5 ترابایت



هـــارد، لـــە راســـتیدا بەمانای "ســـەخت، یان قورس" دێت، بەڵام لەجیهانی IT دا بەو ئامرازە دەگوترێ كـــە وەك كۆگایەك بـــۆ داكردنی داتاكان سوودی لێوەردەگیرێ، دیارە هەموو ئامرازێك كە داتـــای تێدا خـــەزن بكرێ، پێـــی ناگوترێ هـــارد. هارد تەنیا بەو پارچەیە دەگوترێ كە لەمادەدەی ئەلەمنیۆم یان ماددەیەكی هاوشێوەی ئەو پێكهاتووە و جیاوازی لەگـــەڵ ئامرازەكانی دیكە ئەوەیە كە داتاكان بۆ ماوەیەكی درێژخایەن لەســـەری دەمێننـــەوە. هاردی لاوەكـــی ئەو هاردەیە كـــە بە جیا لە پارچەكانی دیكەی كۆمپیوتەرە. تا ئێستا هاردی لاوەكی قەوارەكەی تەنیا دەگەیشـــتە یەك ترابایت، بەڵام لەم دواییـــەدا كۆمپانیای Seagate هاردێكـــی بەرهـــەم هێنـــاوە كە قەوارەكـــەی یەك ترابایت و نیوە. ئەو هاردە دەتوانێ زیاتر لە 60 فیلم بـــە كوالیتییەكی زۆر بەرز و هەروەها 750 یـــاری كۆمپیوتەری كوالیتی بـــەرز، و بە ملیۆنان وێنە. تێیدا جێبێتەوە. ئەم هاردە لە تەكنۆلۆژیای USB3 سوود وەردەگرێ. هاردەكە بۆ هەردوو جۆری كۆمپیوتەری ماكینتۆش و ویندۆز ســـوودی لێوەردەگیرێ بێئەوەی كە پێویستی بە فۆرمات كردن بێت.

# كیبۆردێك تایبەت به رۆژنامەنووسان



تەكنۆلۆژیـــای لەمـــس تاراددەیەك بۆتە هۆی ئەوەی كیبۆرد و ماوس ئەو گرنگی و پێگەی جارانیان نەمێنێ. بەڵام بۆ تایپكردن هیچ كاتێك تەكنۆلۆژیای لەمسی شوێنی كیبۆرد ناگرێتـــەوە، بەڵام كیبۆرد بەهۆی قەبارەكەی ناكرێ لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شـــوێنێك بیگوازیەوە. كەچی بەم دواییانە كۆمپانیایەك كیبۆردێكـــی بەرهەم هێناوە كە لـــە مۆبایل دەخرێ و قەبارەكەی بەقەد كیبۆردی دیكەیە، بەڵام دەنوشـــتێنرێتەوە و بەباشـــی هەڵدەگیرێ. ئەو كیبۆردە كە بە Jorno ناسراوە، بەهۆی سیستەمی بلۆتووسەوە لەگەڵ ئامێرە جۆراوجۆرەكانی وەك ئایفـــۆن، ئـــای پـــۆد و جۆرەكانی مۆبایلـــی HTC و نۆكیـــا دەخرێـــت و شـــەحن دەكرێتەوە و تـــا مانگێكیش شەحنەكەی دانابەزێت. كیبۆردەكە زیاتر بۆ رۆژنامەنووسان دەگونجێت، بۆیە بە كیبۆردی رۆژنامەنووسان ناسراوە.

# ئەنتی ڤایرۆسە بە خۆڕایی



پاراستنی کۆمپیوتەر لە ڤایرۆسەکان زۆر گرنگە، ڤایرۆسـێك دەتوانێ گشـت زانیارییەکان بسڕێتەوە، یـان سیسـتەمی بەگەڕخەری کۆمپیوتەر لەکار بخات. باشـترین ڕێگە بۆ بەرگری لەم گرفتـە ئەوەیە کە دژە ڤایرۆسـێکی بـاش دابەزێنیە سـەر کۆمپیوتەر. دەکرێ بڵێین باشـترین دژە ڤایرۆسەکانی جیهان بەخۆڕایین. دیارە ئەو دژە ڤایرۆسـانە تەنیا بۆ کۆمپیوتەری ماڵـەوە بەخۆڕایین، ئەگینا بۆ کۆمپیوتـەری ئیدارەکان ئـەوە بەو جۆرە نییە. بەشـێك لە ئەنتی ڤایرۆسـە بەخۆڕاییەکان ئەمانەن کە لەم ژمارەیەدا و لە ژمارەکانی دواتریش باسیان لێوە دەکەین.

ئەنتی ڤایرۆسی AVG: ئەو دژە ڤایرۆسە باشترین دژە ڤایرۆسە، چونکە جگە لە دەستنیشانکردنی ڤایرۆسەکە پرۆگرامە سیخوڕییەکانیش دەناسێنێ. ئیمێل و لینکەکانیش سکان دەکات و ریزبەندی سکانکردنەکەش دەکات. بۆ دابەزاندنی ئەو دژە ڤایرۆسە پێویست بە هیچ تێچوویەك ناکات تەنیا بە کلیکێك ئەو دژە ڤایرۆسە دابەزێنە.

دژە ڤایرۆسی AVG لەگەڵ سیستەمەکانی ویندۆز7، ڤێستا و ئێکس پی دەگونجێت. هەروەها دەتوانی ڕۆژانە ئەپدەیدتی بکەیەوە. بۆ دابەزاندنی ئەو دژە ڤایرۆسـە سـەر لەم ئەدرەسەی خوارەوە بدە.
.http://clicklinks.ir/29911a

# کۆمپیوتەری یەکپارچەو سێ ڕەهەندی



وەك دەزانن کۆمپیوتەری دیسکتۆپ لەچەندین پارچە پێکهاتووە، کە زۆرجاران بوونی ئەو پارچە لێکجیایانە گرفت دروست دەکەن، بەڵام لەم دواییانە کۆمپانیای MSI کۆمپیوتەرێکی سـێ ڕەهەندی یەکپارچەیی و لەمسی دروسـت کردووە، کۆمپیوتەری جۆری Wind top AE2420 3D AIO دەبێتە یەکەمین کۆمپیوتەری سـێ ڕەهەنـدی جیهانـە کـە یەکپارچەیە و شاشەکەی لەمسییە. کۆمپیوتەرەکـە چاویلکەیەکـی تایبەت بـە سـەیرکردنی فیلمە سـێ ڕەهەندییەکانی لەگەڵدایە. جێگەی ئاماژە پێدانە کە کیبۆرد و ماوسـی ئەو کۆمپیوتەرە وایەرلەیسـە و کۆمپیوتەرەکەش سیستەمی ویندۆز7ی لەسەرە.


# مۆبایلێک به دیزاینێکی رۆمانسیانه



کارایی و کارکردەکانی مۆبایل رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبن، ئێستا بەرهەمهێنەرانی مۆبایل بیر لەوە دەکەنەوە، کە قالب و چوارچێوە و دیزاینی مۆبایلەکان بە جۆرێکی دیکە بگۆڕن، وەك مۆبایلی ملوانکە، مۆبایلی کاتژمێر و ئەو مۆبایلەی لێرەشدا دەبینین مۆبایلی بازن و پاوانەیە.
ئەو مۆبایلە کە وەك پاوان دەچێت، دیزاینێکی زۆر سەرنجراکێشی هەیە، بەتایبەتی بۆ خانمان، ئەو ژمارانەی کە پەیوەندیت پێوە دەگرن و هەروەها کاتژمێرەکەی وەك تیشکێك لەسەر مەچەکی دەست دەردەکەون.

# بۆچوون دانان لە پرۆگرامی ۆرد دا

زۆرجار دەقێکت هەیە دەتەوێ بزانی خەڵك چ بۆچوونێکیان هەیە لەسەر دەقەکە، یان لەبارەی رێزمانی و رێنووسییەوە چۆنە. دەکرێ لەبری پەیوەندی گرتن بە تەلەفۆن و دانیشتن و کۆڕ، لە بەشی بۆچوونەکان لە ۆۆردا سوود وەربگری.
بۆ ئەم بەشە لە ۆۆرد 2010دا، لەبەشی دەقدا کە نیازتە بۆچوونی خۆت لەسەری بنووسی هەڵبژێرە، پاشان لە بەشی Review فەرمانی New Comment دیاری لێبدە. ئەوکات بۆکسێکت بۆ دەکرێتەوە دەتوانی دەقەکەی خۆت لەوێدا بنووسی.




# پێنج جار خێراتر

دابەزاندن لە ئینتەرنێت یان بە واتا زانستییەکەی خۆی "دانلۆد"کردنی پرۆگرام و فایل و داتا پێویستی بە پرۆگرامێك هەیە کە لەکاتی پچڕانی هێڵ و کوژانەوەی کارەبا و هەر گرفتێکی دیکە فایلە دابەزێندراوەکە لەو شوێنەی کە پچڕاوە دەست پێبکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر فایلێکی 100 میگابایتی دابەزێنی، بەڵام 98 میگابایتت دابەزاندووە، کەچی لەپڕێکا هێڵەکە نامێنێ، لە کاتێکی وادا هەموو هەوڵەکەت بە فیڕۆ چووە، بۆ ئەوەی کە ئەو هەوڵەت بە فیڕۆ نەچێ گەلێك پرۆگرام هەن، بەڵام هەندێك لەوانە گرفتی خۆیان هەیە. یەکێك لەو گرفتانە ئەوەیە کە خێراییان لە خوارێیە و ناگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی هێڵەکە پچڕاوە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پرۆگرامی بچووکی DownloadStudio یەکێکە لە باشترین پرۆگرامەکان.
بەهۆی ئەو پرۆگرامە بەهێزە دەتوانی فایلەکانی خۆت بەبێ گرفت لە ئینتەرنێت دابەزێنی. هەروەها تایبەتمەندی ئەو پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامەکانی دیکە ئەوەیە کە ریزبەندی فایلە دابەزێندراوەکان دەکات، وەك فایلی جۆری ئەنیمیشەن، ڤیدیۆی، موسیقی، لاپەڕەکانی وێب..تاد. هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی سایتێك بەتەواوی دابەزینی. قەوارەی ئەو پرۆگرامە تەنیا 29 میگابایتە و دەتوانی لەو لینکەی خوارەوە دایبەزینی.
.http://clicklinks.ir/29905b

# کامێرایەک بە تەکنەلۆژیای نوێوە

کامێرای دیجیتالی لەم سەردەمەدا ئامرازێکی گرنگی ژیانی رۆژانەی مرۆڤە، ئەویش وەك مۆبایل پێدەچێ هەر لەبازنەی وێنەگرتنێکی ئاساییدا نەمێنێتەوە، لەم دواییە کامێـــرای دیجیتالی H15 هاتۆتە بەرهەم کە ئەرکـــی کۆمپیوتەرێك بەڕێوە دەبات. بۆ نموونە گەر وێنەیەك لە هەوارگەی بێخاڵ بگری، بەڵام یەکێك لە هاوڕێکانت لە وێنەکەدا لەگەڵتان نەبێت، دەکرێت دواتر وێنەی هاوڕێکەتان بە وێنەی خۆتانەوە زیاد بکەن، بێ ئەوەی کە هەستی پێ بکرێ، تەنانـــەت دەکرێ فیلمێك بگری لەســـەر لێواری رووبارێك یان لوتکەی شاخێك بێ ئەوەی کە ئێوە لەوێ بن، بەڵام لە فیلمەکەدا ئێوە نیشان بدات کە لەوێن. ئـــەو کامێرایە دەتوانێت وێنـــەی رووخســـارتان بگۆڕێـــت، یان ئەو ئافرەتانـــەی کە ماکیاژیان لەبیرچووە، بەجۆرێـــك لە وێنەکەدا نیشان بدرێت کە ماکیاژیان کردووە. تەنانـــەت دەتوانێ گشـــت پەڵە و خاڵەکانی سەر رووخسارتان لابەرێت. هەروەهـــا بەهـــۆی ئـــەو کامێراوە دەتوانـــی وێنەکانتان بەبێ وایەر بۆ سەر کۆمپیوتەر بگوازێتەوە.




## لە ویندۆز




## ئەو مۆبایلەی کە دەنگ دەکاتە کورتە پەیام

پسپۆرانی بواری IT لە ئەمریکا توانیویانە پرۆگرامێك دروست بکەن کە دەنگی بەکارهێنەری مۆبایل بیکاتە کورتە پەیام.

پسپۆرانی تەکنۆلۆژیای سەردەم لە ئەمریکا بۆ بەرگری کردن لـــە مەترســـییەکانی هاتووچۆ کە بە زۆری شـــۆفێران لەکاتی لێخوڕینـــی ئۆتۆمبێلدا کورتە پەیـــام دەنووســـن دێتـــە پێش، پرۆگرامێکیـــان بەرهەم هێناوە کـــە دەنگـــی بەکارهێنەرەکە دەکاتە دەق، لەمەوبەولا پێویست بە نووســـین نـــاکات. بەپێی ئامارێك کە لەبارەی کارەسات و زیانەکانـــی ئۆتۆمبێـــل و هاتووچۆ کراوە، دەرکەوتووە کە مۆبایل چ وەك قسە پێکردن و چ وەك بەڕێکردنی کورتەپەیام بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران کەس لە جیهاندا.





www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com